# حسەین یەزدانپەنا و خوێنەرانی بۆ رۆژهەڵات

## (بەشی دووهەم)

WWW.4rojhelat.com

ئەم چاوپێکەوتنەی کە دەیخوێننەوە، وەڵامی حسەین یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستانە بۆ خوێنەرانی سایتی (بۆ رۆژهەڵات) و ئەو بەڕێزانەی کە لە لاپەڕەی میوانی (بۆ رۆژهەڵات) و دوای بەشداریی کردنی یەزدانپەنا وەک میوانی سایت، پرسیارەکانیان لەو بەڕێزە هێنابووە گۆڕێ.

وێڕای سوپاس بۆ بەشداریی کردنی بەڕێز یەزدانپەنا لە لاپەڕەی میوان، لێردا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەو پرسیار و وەڵامانەی کە لە نێوان خوێنەران و میوانی (بۆ رۆژهەڵات) هاتووەتە گۆڕ رادەکێشین.



کەریم شەمس

**کاک حسەین سڵاو بەڕاستی جێی سەرنجە کە چۆن عەلی قازی یەکشەوە بوو بە سەرۆك، ماهیەت و رابردووی عەلی قازی لە هیچ کوردیك شاراوە نییە جا با کوڕی قازی محەممەد بێ بەڕای من کاك حسەین لەسیاسەتدا کەمت هێناوە؟**

و: پێموایە وەڵامی پرسیارەکانی پێوەندیدار بە بەڕێز کاک عەلی قازیم بە رادەی پێویست داوەتەوە. تکایە بگەڕێنەوە سەر ئەو پرسیار و وەڵامانە.

کاوە جەوانمەرد

**کاك حسەین سڵاو**

**دەست خۆشی لە بۆ رۆژهەڵات دەکەم.**

**کاک حسەین کۆمەڵە نوێنەری چەپەکانە لە کوردستان! حیزبی دیموکرات نوێنەری ئەوانەیە کە باوەڕیان بە دیموکرات هەیە سازمانی خەباتی کوردستانیش هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و نوێنەری کۆمەڵێک لە خەڵکانی کوردستانی ئێرانە. کەوایە بە بوونی ئەو سێ حەرەکەیە بۆشاییەک لە نوێنەراتی بۆ پێکهاتەکانی کوردستان نابینرێ پێمان نالێی نەخشتان چیە و نوێنەری کێن لە کوردستان؟**

و: کاوە گیان، نیگەران مەبە، جێی خۆمان دەکەینەوە. هەر نەبوو دەبینە نوێنەری موسڵمانانی شۆڕشگێڕ!

ئەکرەم پاڵانی

**سڵاو و رێز**

**پرسیارەکانم لەبەڕێز کاک حسەین ئەوەیە:**

**1- هەست دەکەین لەبواری راگەیاندنەوە PAK لاوازە، تا ئێستاش TV یتان نییە، بۆ چی؟ رات چییەڵەسەر ئەوەی هەندێک کەس دامەزراندی راگەیاندنێکی سەربەخۆ ( tv,radio, rojname) تایبەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان دوور لەکاریگەری حیزبەکان بە پێویست دەزانن؟ گەڵو هیچ هەوڵێکتان بۆ ئەو مەبەستە داوە؟**

**2- لەبەر ئەوەی خوم خەڵکی ئەو ناوچەیەم؛ دەپرسم بەبڕوای جەنابتان بۆچی رۆڵی رێکخراوە کوردستانییەکان بە PAK یشەوە لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان لاوازە؟**

**3- سنووری جوگرافی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کوێ بۆ کوێیە؟ ئایا ئێوەلوڕەکان بەکورد و لوڕستان بەبەشێک لە کوردستان دەزانن؟ بە رای جەنابتان دەستەواژەی "پارێزگای کوردستان" مەرامێکی سیاسی داگیرکەرانی لە پشتەوە نییە بۆ چڕ کردنەوەی گشت رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بە پارێزگای سنەوە؟**

**4- بۆچی لە دەرەوە لە بواری دیپلۆماسییەوە PAK کەم دەردەکەوێت؟ بە بڕوای بەڕێزتان رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە چ جۆرە دیپلۆماسیەک هەیە؟ هیچ پرۆژەیەکتان بۆ ئەم مەبەستە هەیە؟ تا چەندە پشتیوانی وڵاتانی رۆژئاوا بۆ پرسی کوردی رۆژهەڵات بە گرنگ دەزانی؟ PAK تا چەند هەوڵی بۆ ئەمە داوە؟**

**5- بۆچی خەباتی چەکداریتان راگرتووە؟ ئێوە دانوستان لەگەڵ رێژیمی ئێران بو چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد چۆن دەبینن و ئایا بارزانی و تاڵەبانیتان بە ناوبژیوان قەبووڵە وەک ئەوەی هەندێک لە ئێرانییەکان هێمایان بۆ کردبوو؟**

**6- ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو حیزبە تازانەی رۆژهەڵات بەتایبەت ئەوانەی لە سەربنەمای هۆز، عەشرەت یان ناوچەگەرایەتی یانیش رکەبەرایەتیکردن دامەزراون بەتایبەتیش کە لە دەرەوە دامەزراون؟**

**7- دوایین پرسیارم، بوچی حیزبەکانی رۆژهەڵات زۆر لەیەک دوورن؟ خۆ ئێمە نالێین ببن بەیەک حیزب بەڵام یەک هەڵوێستی و لێک نێزیک بوون پێویستە. تاوانی ئەم دوور گرتن و پڕشوبڵاویە دەکەوێتە سەرشانی کام لایەن؟ هێشتا خومەینی گۆڕبەگۆڕ نەبووە کە چی باسی دابەشکردنی دەسەڵات و وەزارەتەکانی دوا رۆژ دەکرێت، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**لەگەڵ رێزی دووبارەم؟**

وەڵامەکان پرسیار بە پرسیار

1- راستە راگەیاندمان لاوازە. لە فکری چارەسەرکردنیدا هەین.

من باوەڕ ناکەم راگەیاندنی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەریی حیزبەکان لانی کەم لە هەلومەرجی ئێستادا بێتە دی. ئەگەر هاتوو ئەو راگەیاندنە لە دایکبوو، ئێمە پشتیوانیی لێدەکەین. ئێمە حەولەکانمان بۆ بەهێزکردنی راگەیاندنی خۆمانە. ئەگەر بتوانین راگەیاندنێکی باش دامەزرێنین، مەودای ئازادیی دەربڕینی تێدا بەرفراوان دەکەین.

2- ئەوە دوو لایەنە بووە. بە هێندێک هۆکاری مێژوویی و سیاسیی و مەزهەبی تا ئەم دوواییانە هەرێمەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان دوور بوون لە جموجوڵی کوردایەتی. حیزبەکانیش توند و تۆڵ نەبوون لە رۆشنکردنەوە و هاندانی خەڵکی ئەو هەرێمانە. دۆخی سیاسیی جیهانی و هەرێمییش لەمپەرێکی دیکە بوون لەسەر خەملینی بیری نەتەوەیی لەو بەشانە. هەر تێکۆشەرێکی دانیشتووی ئەو هەرێمانە کە لە خۆی رادەبینێ لە ریزی PAK ئاڵای کوردایەتی و ئامانجە نەتەوەییەکان هەڵگرێ، با بفەرمێ دەرگا لەسەر پشتە بۆی.

3- سەبارەت بە جوغرافیای رۆژهەڵاتی کوردستان، سەرنجتان بۆ دەقی پرۆگرامی PAK رادەکێشم کە لە لاپەڕەی (5 )دا بەمجۆرە باس لە جوغرافیا و سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا: " رۆژهەڵاتی کوردستان، پارچەیەکی کوردستانە کە لە پاش شەڕی چاڵدێرانەوە بە پێی "رێککەوتننامەی زەهاو" خرایە سەر ئێران. سنووری جوغرافیی لە رێژگەی ئاوی گوندی "پەهناوەر"ەوە کە دەڕژێتە ئاراسەوە دەسپێدەکا، لەگەڵ ئاراسدا بە تەنیشت چیای ئاراراتەوە بەرەو خوار درێژ دەبێتەوە تا باشووری دەریاچەی ورمێ، لە وێڕا بەرەو خوارتر دەکشێ و مەڵبەندەکانی موکریان و ئەردەڵان دەبڕێ و هێندێک لە ناوچەکانی پارێزگای هەمەدان دەگرێتەوە و بەرەو کرماشان و ئێلام دەڕوا و دەگاتە هەرێمەکانی لوڕ و بەختیاری و تا سەر کەنداو درێژ دەبێتەوە. بە وتەیەکیتر رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی مێژوو و جوغرافیا بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە هەموو ئوستانەکانی ئێستای رۆژئاوای ئێران بێجگە لە خووزستان. هەروەها لە پارێزگاکانی خوراسانی باکووری و خوراسانی رەزەویی هەرێمگەلێک هەن کە کوردیان لێ نیشتەجێیە و کوردستانێکی پچووکیان لێکەوتووەتەوە. لەوانە ئیسفەراین، بجنوورد، شیروان، قووچان، دەرگەز، چناران، باجگیران. فاکتەرە مێژوویی، جوغرافی و کولتوورییەکان و ویست و ئیرادەی دانیشتوان، پێوەرەکانی دیاریکردنی سنووری نەتەوەیی کوردستانن. ئەو مەڵبەند و شوێنانەی تووشی ئاسیمیلاسیۆن هاتوون و باری دیمۆگرافییان شێوێندراون، فاکتەرە مێژوویی و جوغرافییەکان یەکلاکەرەوەی بڕیاری دیاریکردنی سنووری نەتەوەییانە".

کەواتە بەڵێ، ئێمە لوڕستان بە خاکی کوردستان و لوڕەکان بە کورد دەزانین. بەڵام ئەگەر خۆیان حاشایان لە کورد بوونی خۆیان کرد، بەزۆری کورد بوون ناسەپێنین بەسەریاندا.

لێکدابڕانی هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ناودێرکردنی پانتاییەکی کەم بە "ئوستانی کوردستان" پیلانێکی داگیرکەرانەیە کە لە سەردەمی رەزاشادا بەڕێوەچوو.

4- پارتی ئازادیی کوردستان هێشتا هەر ساوایە. هێشتا دەرفەتی لەباری بۆ گەشە و هەڵدان لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەڵنەکەوتووە. هەروەها لەدەرەوەی وڵاتیش تازە کەوتووەتە جموجوڵ. بەڵام پێوەندیی دیپلۆماسیمان تارادەیەک روو لە گەشەیە. کورد بەگشتی دەبێ بە دووای دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژییدا بگەڕێ. بەبێ پشتیوانی نێودەوڵەتی و بەبێ هەبوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، کورد بەتەنیا هێزی خۆی بە رزگاری یەکجاریی ناگا PAK لە دیپلۆماسییدا بەدووای ئەم ئامانجەوەیە. ئەگەر بەڕێزتان دەتوانن لەم پێوەندییەدا بەرپرسایەتییەک قبوول بکەن، پێشوازیی لێدەکەین.

5- خەباتی چەکداریمان رانەگرتووە. بەڵام لەهەر بارودۆخێکدا شێوازێکی خەبات زەق دەبێتەوە. خەباتی چەکداری بەشێکە لە خەباتی ئێمە دژی داگیرکەر. لە هەلومەرجی لەباری خۆشیدا، رەنگە جارێکی دیکە زەق ببێتەوە. راهێنان و پاراستنی حاڵەتی ئامادەیی دەروونی و فیزیکی پێشمەرگە خۆی بەشێکە لە خەباتی چەکداری.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی زەرفیەتی بۆ دانووستان لەگەڵ کورد نییە. ئەگەر هاتوو لە حاڵەت و کاتێکی دیاریکراودا خوازیاری وتووێژ لەگەڵ کورد بوو، لەو کاتەدا دەبێ هەڵیسەنگێنین. ئێرانییەکان رابردوویەکی رەشیان لە وتووێژ لەگەڵ کورد هەیە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وتووێژ لە نێوان دوو یان چەند لایەندا کە دوژمنی یەکترن وەک ئوسوڵ رەت ناکرێتەوە، بەڵام ئێمە چاوەڕێی دانوستان لەگەڵ رێژیمی داگیرکەری تاران نین.

6- ئێمە مافی دامەزراندنی حیزب و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیی بە مافێکی رەوای تاک و گروپەکان دەزانین. ئەگەر لەناو هۆز یان عەشیرەت یان ناوچەیەکیش حیزێک لە پێناو ئازادیی کوردستاندا سەرهەڵبدا، بە خراپی نازانین. بەڵام ئەگەر حیزبایەتی لەسەر بنەمای هۆز و عەشیرەت و ناوچە دابمەزرێ، ناتوانێ خزمەتی پرسی رزگاریی نەتەوەکەمان بکا. بە پێچەوانەوە لەوانەیە ببێتە هۆی لێکدابڕان.

7- لەسەر دووری حیزبەکان لە یەکتر و چێ نەکرانی بەرەیەکی کوردستانی، لە وەڵامی یەکەم پرسیاردا، چەند خاڵێکم باسکردووە. تکایە سەرنج بدەنە وەڵامی ئەو پرسیارە.

رێز و حورمەت بۆ بەڕێزتان.

س. کامیل

**من تەنیا یەک پرسیارم لە کاک حسەین هەیە، ئایا ئێوە لە باری سیاسی زیاتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستان نزیکن یان حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران؟ و نەزەرتان لە سەر ئەم دوو حیزبە چیە؟**

و: لە باری سیاسییەوە (ئامانج، ستراتیژ، تاکتیک، کولتووری حیزب و رابردووی هاوبەش)، ئەو دوو حیزبە، لە هەموو حیزبەکانی دیکە لە یەک نزیکترن. هیوادارین بتوانن یەکبگرنەوە. ئەگەر ئەوەش نەکرا، بارودۆخی پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوانیاندا سازبکرێ. ئێمە لە سەر هەردوولا نەزەر و پێوەندیمان باشە.

عەلی

**سڵاو!**

**کاک حسەین راستەکاتی خوی یەکیەتی شۆڕشگێڕان لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە دامەزراوە و بە پێشنیاری دوکتۆر سەعیدیش بووە ئەم کارە. ئێوە دەڵێن، چی؟**

و: کاک عەلی گیان، شەهید د. سەعید شەرەفکەندی سەرکردە و خەباتگێڕێکی لێوەشاوەی کورد و رێبەری حیزبی دیموکرات بوو. پێوەندییەکی برایانە لە نێوان شەهید سەعیدی برام و من لەگەڵ شەهید د. سەعید دا هەبوو. هەروەها پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوان حیزبەکانماندا هەبوو. هەر لە ئەو کاتەدا کە شانازی بە دۆستایەتی و برایەتیمان لەگەڵ ئەو شەهیدە گەورە دەکەم، ئەو قسەیە لێبڕاوانە بە درۆ دەخەمەوە. ئەو قسەیە هیچ بنەمایەکی راستی تێدا نییە و درۆیەکی رووتە. شەهید د. سەعید کاتێ لە هەنگاوی ئێمە ئاگادار بوو کە، راگەیاندراوی دامەزراندنی رێکخراوەکەمان دایە خزمەتی. هەر وەک دامانە خزمەت دۆستانی دیکەمان لە حیزبە کوردستانیەکان.

هاوسەنگەرانی شەهید د. سەعید تەمەنیان درێژ بێ ئێستا لەژیاندان و ئەگەر شتێ شک دەبەن با بە ڕاشکاوی رایبگەیەنن. ئەو دەنگۆ سازیبیانە داماویی و تەنگ بوونی "قافییە"ی ناحەزانی ئێمە دەگەیەنێ.

کوردی ئێران

**دەڵێن ئێوە شەهیدێکی زۆرتان داوە، بەتایبەتی لەساڵانی 1998 و 1997 و 1996 تەنیا هێزێک بوون حزوورتان هەبوو لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران بەڵام بۆ چی تا ئێستا هێزێکی زۆرتان کۆ نەکردۆتەوە؟**

و: با هەموومان رابێین کە خۆمان بە کوردی وڵات و نیشتمانەکەی خۆمان بناسین. ئێمە کوردی کوردستانین. خۆ ئەگەر حەزمان لێبوو پارچەکەی کوردستان دەسنیشان بکەین بڵێین کوردی رۆژهەڵات، کوردی باشوور، باکوور، رۆژئاوا.

بەڵێ کوردی رۆژهەڵات، بەهەق سەروەرییەکانی پارتی ئازادیی کوردستان زۆر و زەوەندن. ئەو سەروەرییانە تەنیا لە بوارێکدا نین و خەباتی پێشمەرگانە و زەبر لێدان لە هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەشێک لە سەروەرییەکانیەتی. بەڕێزتان کە ئاگاداری ئەو لایەنەی خەباتی PAKن، داواتان لێدەکەم، لایەنەکانی دیکەی خەباتمان بخەنە بەر سەرنج. یەک لەوانە، بەرنامەی پارتی ئازادیی کوردستانە، کە بەناوی "مانیفێستی ئازادیی کوردستان" لە کۆنگرەی یەکەمدا پەسندکراوە. ئەو بەرنامەیە، دیکۆمێنتێکی گرینگ و بە بایەخە بۆ کوردستانییەکان. هەروەها داهێنانە سیاسییەکانمان.

بەڵام سەبارەت بە هێزی زۆر، روونتان نەکردوەتەوە هێزی زۆر لە کوێ و بۆ چی کۆبکەینەوە. ئەگەر مەبەستتان هێزی پێشمەرگەیە، ئەوە پارتی ئازادیی کوردستان بەپێی پێویستییەکانی قۆناخی خەبات قەوارەی هێزی پێشمەرگەی خۆی دیاری دەکا. لە حاڵی حازردا، بەپێی پێویست هێزمان هەیە و هەرکاتیش پێویستی بە هێزی زیاتر هەبوو، دەتوانین بە خێرایی گەشەی پێبدەین. بەڵام سیاسەتی ئێمە لە ئێستادا، بەرینکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی PAK لە ناوەندی شارەکانی وڵاتە و هێزی ئەسڵی PAK لە نێوا شارەکاندایە.

س. عوسمان

**کاک حسەین، بۆ لە کۆبوونەوەی کە تێڤی سەحەر لەوی بوو قسەت نەکرد؟ لەبەرچی ئەو هەڵوێستەت گرت؟ کە بەباوەڕی من دەبوو قسەیی خۆت بکردبایە و تیڤی سەحرت مەحکووم کردبا.**

**بە سپاسەوە؟**

و: کاک س. عوسمان گیان، من لەو کۆبوونەوەیەدا قسەم کرد، بەڵام دووای لابردنی میکرۆفۆنی TV سەحەر.

عاکیف لە بۆکان

**سڵاو و رێز، حەز دەکەم هەڵوێستی ئێوەی بەڕێز لە مەڕ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و پێوەندیتان بەم رێکخراوەیە بزانین.**

**هەروەها ژوومارەی هێزەکانتان و کار و باری سیاسی و ئیدیۆلۆژیتان. پێوەندیتان پێشتر بۆ بە موجاهیدن هەبووە و ئەم پەیوەندییە چۆن بووە؟**

**بۆ بەرەی رۆژهەڵات چۆن دەڕوانن و کێ دەبێ بەڕیوەی ببات؟؟**

**بە سپاسەوە؟**

1- ئێمە سەرفینەزەر لە جیاوازییەکان و تێڕوانینمان، حەز بە دیالۆگ لەگەڵ هەموو حیزب و رێکخراو و گرووپ و تاکێک دەکەین. نوێنەرانی ئێمە و ئەوان جارێک پێکەوە دانیشتبوون و وتووێژیان کردووە. پێمانباشە ئەو وتووێژانە درێژەیان هەبێ.

2- ژمارەی هێزەکانمان بۆ نابژێردرێ. تەنیا لە کەشوهەوایەکی ئازاد دایە کە هەر حیزبێک لێی حاڵی دەبێ چەندی خەڵک لەگەڵە.

3- هیچ پێوەندییەک لەنێوان حیزبی ئێمە و موجاهیدین دانە بووە و نییە. بەڵام هەر کات بە پێویستی بزانین پێوەندی ئاسانە.

4- لەسەر بەرەی رۆژهەڵات، لە پرسیاری یەکەمدا وەڵامم داوەتەوە...

" پاشماوەی ئەم وتووێژە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە"